www.kurdistannet.org
14-4-2003 1:18

# هـەڵویستـی شـۆڤینیـانەی ڕاگەیانـدنی عـەرەبی بە توونـدی شـەرمـەزار دەکەین

## Bizavi jiyan – Borunakbiri u Caksuzi komalayeti

بە هیوای ژیانێکی نوێ:

ئاشکرایە کە ئێستە سەدان پەیامنێرو نێردراوی ڕۆژنامە و رادیۆ و تەلەڤزیۆنەکانی عەرەبی و جیهانی لە گۆشـە و کەنارەکانـی کوردستان و عێراقدا، بە وردی لە بۆسەی هەواڵدان و بۆ گواستنەوەی دەنگو باسیڕووداوو پەرەسەندنەکانی پرۆسەی شەڕی لە ناو بردنی ڕژێمی دیکتاتۆری لە پێشبرکێدان، کە پەیامە ڕۆژنامەوانیەکانیان بۆ ملیۆنـان خوێنەرو بیسەرو بینەر لە کەناڵە جۆر بە جۆرەکانی ڕاگەیاندنە ناوخۆیی وجیهانیەکان بڵاو دەکرێتەوە.

لە ڕاستیدا دەبێ پێش هەرشت ڕاگەیاندن و ڕۆژنامە نووسی ئامانجی مرۆڤدۆستی و دادپەروەری بە بنەما بگرێ و لە پێناوی ئازادی و ئاشتی مرۆڤایەتی دەربکەوێتە پێش و، لە ڕاستیو ڕاستگۆیی سەرچاوە بگرێ، چونکە بە پێچەوانەوە ئەگەر درزی تێبکەوێ و ئەرکەکانی بە باشی ئەنجام نەدات و بەرپرسیاریەتیەکانی نەناسێ و جێبە جێی نەکـات، پێشکەوتن و گەشـەی مرۆڤایەتی دژواری زۆری دێتە پێش. لەم سۆنگەیەوە کەناڵە ڕاگەیاندنەکانی عەرەبی و پەیامنێرانیان شایەنی ڕەخنە کردن و شەرمەزارکردنن کە پشتیان کردۆتە ئەم پێوانە مرۆڤایەتیە و تا ڕادەیەکی زۆر بە بیری شۆڤینی و ڕەگەز پەرستی عەرەبی و بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندیەکانی ڕژێمی دیکتاتۆری عێراق تەختیەی بارودۆخ و ڕووداوەکان دەکەن و بە شێوە و ڕەنگێکی ئاشکراو ڕوون لە پێناو بەرزکردنەوەی ورەی داتەپیوی هێزو سوپای دیکتاتۆریەت ڕەوتیان گرتووە، تاکو ئەو ڕادەیەی کە هێندێك لە کەناڵە عەرەبییەکان بە تەواوەتی بوونەتە نموونەی کەناڵی ڕاگەیاندنی ڕژێمی عێراق، بە تایبەتی کەنالی (ÉÑÏÒÌáÇ) هەروەها لە ئاست ناوی (**کوردستان**) یشدا تەنها کەناڵی ( **دەوڵەتی کوەیت**) نەبێت شۆڤینیانەتر هەڵوەستیان گرتووە. لە کاتێکدا خودی دیکتاتۆرەکەی ( بەغدا) بە ناوی کوردستان ناوی ناوچە کوردیەکان دەهێنێ، بەڵام کەناڵە عەرەبیەکان بە توندی خۆیان بە زاراوەی ( باکووری عێراق) بە ستۆتەوە.

ئێمە لە **بزاڤی ژیان** سەرباری بێزاری دەربڕین و پرۆتێستۆ و شەرمەزار کردنی هەڵویستی ڕاگەیاندنی عەرەبی، بە ڕاگەیاندنی عەرەبی و بەهەمووان ڕادەگەیەنـین کە ئەو ولاٚتە کوردیەی بە ناوی ( باکووری عێراق) ناوی دەهێندرێ، وەکو واقیعێکی هەنووکـەیی ( **کوردستانی عێراق**) ەو وەکو ڕاستیەکی مێژوویيش ( **باشووری کوردستان**) ە و بەشێکە لە کوردستانی گەورە، کە لە نێوان ولاٚتانی داگیرکاری ناوچەکە داگیرکراوە و دابەشکراوە، ئەمەیش ڕاستیەکەو بە هێزو توانای هیچ کەس و لایەنێك ناشێوێندرێ.

### کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی عەرەبی !

لە ئێوەو لە گەل و لە حکومەتەکانتانمان داوایە کۆتایی بەو پشتگیرییە بێنن کە لە ڕژێمی بۆگەنی عێراقی دەکەن، ئەگەر لە ئاست جینایەتکاریەکانی ( **هەڵەبجە و ئەنفال**) و هەزاران کارەسات و تاوانی تر کە (صدام حسین) و ڕژێمەکەی دەرهەق بە کوردان ئەنجامیانداوە، خوێن بە شادەماری ویژدانی مرۆڤایەتیتاندا ناگەڕێ، بەلام ویژدانتان بۆ برا عەرەبە شیعەکانتان بجولێ کە لە سـایەی ئەم ڕژێمـە دا لە چ جۆرە بارو دۆخێکدا ژیاندەکەن ... ؟ ویژدانتان بۆ خوشکە عەرەبە کوەیتیەکانتان بجولێ کە لە سالی ( 1990) دا بە هەزارانیان لە لایەن سوپای ڕژێمە دیکتاتۆرەکەی ئێوە بەرگری لێدەکەن فەسادکران و ولاتەکەیشیان داگیرو تالان کرا. ئێمە وەکو ڕووناکبیرانی کورد هیوای ڕاستکردنەوەی هەڵوێستە هەڵەو چەوتەکانتان بۆ دەخوازین و پێشتان ڕادەگەینین ئەگەر هەڵگری پەیامی مرۆڤایەتی بن لە گەڵتان داین.

**دێتـەدی ئاما نجی ژیانـی ئازادانەی کـوردان**

**سەردەکەوێ ڕێباوەڕی ژیا نخوازانەی بزاڤی ژیان**

**بزاڤی ژیـان**

بۆ ڕووناکبیری و چاکسازی کۆمەلایەتی

٣١ /٢٠٠٣/٣ ز – ١١/نەورۆزی /٢٧٠٣ ك

هەولێـر – باشـووری کوردستان

E-mail – Jiyan@ mak toob. Com
bizavi Jiyan - 1 @ yahoo. Co m